# بوون بە دەوڵەت و دەرکەوتن لە دۆخی نامێژووییبوون



د. سەباح موفیدی | مامۆستای زانکۆ و توێژەر

## پێشەکی

لە بیری کارڵ مارکسدا (Karl Marx، ١٨٨١٨-١٨٨٣) دوو روانگەی بە رواڵەت ناکۆک سەبارەت بە کاریگەری گەشەسەندنی سەرمایەداری جیهانیی لەسەر دیاردەی ناسیۆنالیزم و دژایەتییە نەتەوەییەکان دەبینرێت. لەلایەکەوە، بەپێی روانگەی ئێکۆنۆمیستی لەگەڵ ئەم گەشەسەندنە، نەتەوایەتی تێدادەچێت. ئەو لە هەندێک لە نووسینەکانیدا لەسەر ئەم روانگەیە جەخت دەکات، بۆ وێنە لە "ئایدۆلۆژی ئەڵمانی"دا دەڵێت: "لە کاتێکدا کە بۆرژوازی هەر نەتەوەیەک هێشتا بەرژەوەندییە نەتەوەییە جیاوازەکانی دەپارێزێت، پیشەسازی گەورە چینێک پێکدەهێنێت کە لە هەموو نەتەوەکاندا خاوەن بەرژەوەندی یەکسانە و لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەوەدا نەتەوایەتی دەمرێت".(١) لەلایەکی ترەوە، لە نووسراوەکانی دیکەیدا لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ناکۆکییە نەتەوەییەکان دەرەنجامی گەشەسەندنی بۆرژوازی، بازرگانی ئازاد و بازاڕی جیهانی گرژتر دەبنەوە. مارکس لە نووسراوەکانی پەیوەندیدار بە پرسی ئیرلەندا زیاتر سەرنجی نەتەوە ژێردەستەکان دەدات و پیشانی دەدات کە چەوساندنەوەی نەتەوەیەک لەلایەن نەتەوەیەکی ترەوە دەبێتە هۆی دوژمنی لە نێوانیاندا. بە رای ئەو ئازادی ئیرلەندا مەرجی ئازادی پرۆلیتاریای بەریتانیا بوو، لەبەرئەوەی تەنیا لەو کاتەدا چینی کرێکاری هەر دوو نەتەوە دەیانتوانی لە دژی دوژمنی هاوبەشی خۆیان، واتە چینی سەرمایەدار، یەکبگرن. هەروەها زاڵێتی وڵات یان نەتەوەیەک بە سەر نەتەوەیەکی تردا دەبێتە هۆی گرژبوونەوەی زاڵێتی ئایدۆلۆژیکی بۆرژوازی بە سەر چینی کرێکار لە وڵاتی زاڵدا، لەکاتێکدا کە ئازادی نەتەوەی بندەست دەبێتە هۆی لاوازبوونی بناغە ئابووری و سیاسییەکانی چینی دەسەڵاتدار لە نەتەوەی باندەستدا.

لە درێژەی روانگەی یەکەمی مارکسدا، ئەنگلس (Friedrich Engels، ١٨٢-١٨٩٥) خەباتی کەمایەتییە نەتەوەییەکان بە کۆنەپارێزانە و دواکەوتووانە دەزانێت. ئەو بۆ هەندێک لە گەلان وەک چیکەکان، سربەکان، رۆمانییەکان و هتد بە هۆی رۆڵی دژەشۆڕشیان لە ماوەی شۆڕشەکانی ئەورووپای ناوەڕاست لە ساڵەکانی ٩-١٨٤٨ دا، کە کەوتبوونە خزمەتی سوپای سەرکوتکەری ئیمپراتۆری نەمسا و رووسیا بە

کەڵک وەرگرتن لە چەمکی هیگڵی ئاماژە بە "نەتەوە نامێژووییەکان" دەکات، کە دەبێت لەنێو بچن "لەبەرئەوەی تەواوی بوونی [لایەنی نەتەوەیی] لە خۆیدا نارەزایەتییەکە دژی شۆڕشی مەزنی مێژوویی."(٢) ئەنگڵس ئەوەی لە هیگڵ (Friedrich Hegel، ١٧٧٠-١٨٣١) وەرگرتبوو کە پێشتر وتبووی ئەو نەتەوانەی نەیانتوانیوە دەوڵەتێک پێکبهێنن، یان دەوڵەتەکەیان زۆر لە مێژە لە نێو چووە، نەتەوەگەلێکن "نامێژوویی" و مەحکوومن بە تێداچوون. بەڵام وەک دیارە ئەنگڵس ئەو نەتەوانەی ئەورووپای بە

**مافی دیاریکردنی چارەنووس واتە ئازادی و سەربەستی هەموو خەڵکان و گەلان بۆ بڕیاردان لەسەر رژێمە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان**

هۆی بوون بە داردەستی ئیمپراتۆرەکان بە نامێژوویی دەزانی. بۆیە بەپێچەوانەوە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی بەهۆی پێویستی رزگاریی نەتەوەکانی باڵکان، جەختی دەکرد. رۆزا لۆکزەمبورگیش (Rosa Luxemburg، ١٨٧١-١٩١٩) دژی بزووتنەوەکانی سەربەخۆیی نەتەوەیی بوو و ئەوانەی بە لەمپەڕی پێکهاتنی دەوڵەتی پرۆلێتاریایی دەزانی. ئەویش وەک ئەنگڵس باسی "نەتەوە نامێژووییەکان"ی دەکرد و نەتەوە بچووکەکانی بە بێ داهاتوو دەبینی و جەختی لەسەر پێویستی مێژوویی راکێشان و تواندنەوەیان لە سیستمی سەرمایەداری جیهانی دەکرد. لای ئەو بەرژەوەندی نەتەوەیی بوونی دەرەکی نەبوو.

بەڵام بەپێچەوانەی ئەو دووانەی سەرەوە، لینین (Vladimir Lenin، ١٨٧٠-١٩٢٤) زیاتر درێژەدەری روانگەی دووەمی مارکس بوو و پێیوابوو کە ئاپۆڕای جەماوەری نەتەوە بندەستەکان دەتوانن لەگەڵ پرۆلێتاریا یەکگرتوو بن. بۆیە بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکانی لە خزمەتی بزووتنەوەی پرۆلێتارییایدا دەبینی. بە رای ئەو، چارەنووسی دیموکراسی سیاسی لە وڵاتانی پێشکەوتوودا پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ دۆخی نەتەوە بندەستەکان هەبوو. لای ئەو یەکەم هەنگاو بۆ لەنێوبردنی سەرمایەداری، روودانی شۆڕشی ناسیۆنالیستی لە نێو ئەو نەتەوانەدایە، کە دەبێتە هۆی پچڕانی رەوتی سەرەکی چەوساندنەوە لە جیهاندا. بۆیە خەباتی نەتەوەیی نەک بزووتنەوەی دواکەوتووانە، بەڵکو بەشێکی گرنگی خەباتی چینایەتییە لە ئاستی جیهاندا. بەمجۆرە ئەو پاساوی بۆ شۆڕشەکانی وڵاتە دواکەوتووەکان لە ناو مارکسیزمدا هێنایەوە. لەم روانگەیەوە ناسیۆنالیزم لە بنەڕەتدا ئایدۆلۆژیای نەتەوە لاوازەکانە لە بەرانبەر دەسەڵاتە گەورەترەکاندا.(٣) هەرچۆنێک بێت، لە کۆتاییدا تێزی لینین لەسەر "مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووس" دیاریکەر بوو(٤) نەک

بیرۆکەی هیگڵی تێداچوون، لە ئاکامدا لە دڵی ئەو مافەوە هەندێک نەتەوە قۆناخی نامێژوویی بوونیان تێپەڕاند و بەپێچەوانەی ئەنگڵس و لۆکزەمبورگ بەدەوڵەتبوونی چیکەکان، سربەکان و ... تاد پیشانی دا کە نەتەوەکان دەتوانن لەو قۆناغە دەرباز ببن، نەک روانگەی لەنێوچوونی دەوڵەت لە کۆتاییدا و نە تەنانەت بەجیهانیبوون نەیانتوانی ڕێگە لە ڕۆیشتن بەرەو بەدەوڵەتبوون و لەدایکبوونی دەوڵەتی زیاتر بگرن. لە درێژەدا ئاوڕێک لە بە دەوڵەتبوونی نەتەوەکان و ڕێگە و شێوازەکانی سەرهەڵدانی دەوڵەتەکان دەدرێتەوە.

## یاسا و جیابوونەوە

ڕێکەوتننامەی مۆنتەڤیدیۆ لەسەر ماف و ئەرکی دەوڵەتەکان لە حەڤدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی وڵاتانی ئەمریکایی لە ١٩٣٣ دا بۆ بە دەوڵەت بوون چەند پێویستییەکی دیاریکرد. لە بنەمای یەکی ئەو ڕێکەوتننامەدا هاتووە کە: "دەوڵەت وەک کەسێتییەکی یاسایی نێودەوڵەتی دەبێت ئەو تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەبێت: ١- جەماوەرێکی هەمیشەیی، ٢- خاکێکی دیار، ٣- حکومەت و ٤- توانستی پەیوەندی لەگەڵ دیکەی دەوڵەتەکان." ئەم ڕێکەوتننامە و یاسای باو لەو کاتەدا، دەوڵەتەکانیان وەکو جۆرە هەبوونێتییەکی یاسایی بێ وێنە دەدیت کە لە ژێر دەسەڵات و هێزی خۆیدا کار دەکات و بوونی هەیە و بەردەوامە. لە بنەمای ٣دا لەسەر دەوڵەت دەڵێت: "بوونی سیاسی دەوڵەت سەربەخۆیە لە ناسینی لەلایەن دیکەی دەوڵەتەکانەوە. تەنانەت پێش ناسین، دەوڵەتەکە مافی بەرگری لە یەکێتی و سەربەخۆیی، دابینکردنی پاراستن و ئاسوودەیی (بەختەوەری) خۆی و دەرەنجامی ئەوە ڕێکخستنی خۆی بە جۆرێک کە شیاو بێت، یاسادانان لەسەر بەرژەوەندییەکانی هەڵسووڕانی خزمەتگوزارییەکانی و دیاریکردنی دەسەڵاتی دادوەریی و شیاوێتی دادگەکانی هەیە. هەبوونی ئەم مافانە هیچ سنووردارێتییەکی تری نییە بێجگە لە هەبوونی مافی دیکەی دەوڵەتەکان بەپێی یاسای نێودەوڵەتی." لە بنەمای ٦ دا دەڵێت: "بە فەرمی ناسینی دەوڵەتێک بە شێوەی پەتی بەو واتایەی کە دەوڵەتێک ئەوە بە فەرمی دەناسێت کەسێتی ئەوی تر بە هەموو ماف و ئەرکە دیاریکراوەکان لەلایەن یاسای نێودەوڵەتییەوە قەبووڵ دەکات. بە فەرمی ناسین بێ مەرج و لێبڕاوانەیە." پاشان لە بنەمای ٧ دا دەڵێت: "بە فەرمی ناسینی دەوڵەتێک ڕەنگە ڕاستەوخۆ (ڕوون) و ناڕاستەوخۆ بێت. دەرەنجامەکانی دواتری هەر کردەوەیەک مەبەست لە ناسینی دەوڵەتە نوێیەکە پیشان دەدات."(٥)

بەپێی ئەم ڕێکەوتننامە، جیهان لەناخدا هەڵگری زۆر دەوڵەت بووە و هەیە، بەڵام بە کردەوە هەمیشە وەها نەبووە و دەگمەنیش هەبووە. بە دەوڵەتبوون بەرهەمی باڵانسێکی نێوان پێوەرەکانی ڕێکەوتننامەی مۆنتەڤیدیۆ و بە فەرمی ناسینە. بۆیە هەندێک بوون هەبوون کە هەموو پێوەرەکانیان هەبووە، بەڵام وەک دەوڵەت نەناسراون، یان بەپێچەوانەوە بە فەرمی وەک دەوڵەت ناسراون، بەڵام هێشتا لە هەبوونی پێوەرەکاندا کێشەیان

هەبووە. بۆ وێنە فەلەستین و ئیسرائیل کێشەی خاک و نەبوونی سنووری دیاریان لەگەڵ یەکتر هەیە، بەڵام وێڕای هەبوونی پێوەرەکان یەکەمیان تاکو ئێستا وەک دەوڵەت نەناسراوە، کەچی دووەمیان ناسراوە. یان ڤاتیکان، هەڵبەت زیاتر وەک دەگمەنییەک، هەموو پێوەرەکانی نییە (بەتایبەت جەماوەری زۆر) بەڵام وەک دەوڵەت ناسراوە.(٦) هەرچۆنێک بێت، بۆ ئەو بوونانەی بەپێی ڕێکەوتننامەی ١٩٣٣ وێڕای هەبوونی پێوەرەکانیان توانستی ئەو پێوەرانە

> گەلانێک کە بیانەوێت ببن بە دەوڵەت، بەپێی بنەمای دیاریکردنی چارەنووس نابێت ڕێگریان لێبکرێت و دەبێت بە فەرمی بناسرێن

ڕێگەیان پێ نەدراوە ببنە دەوڵەت، دواتر مافێکی سیاسی گرنگ – مافی چارەی خۆنووسین– هاتە ئاراوە، کە داواکاریی و سکاڵاکانی گروپە نەتەوەییەکانیش زۆرتر بە ناوی ئەم مافەوە بووە. لە یاسای نێودەوڵەتیدا بۆ وێنە لە چارتەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (بنەماکانی ١، ٥٥، ٧٣ و ٧٦)، ماددەی ١ی هەردوو ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی مافە شارستانی و سیاسییەکان و ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلەپوورییەکان پەسەندکراوی ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩٦٦ دا و تەنانەت هەندێک ڕێککەوتننامەی ناوچەیی وەک چارتەری ئەفریقایی مافی مرۆڤ و نەتەوەکان (ماددەی ٢٠ و ٢١) لە مافی دیاریکردنی چارەنووس و خۆحکومەتی گەلان باسکراوە.(٧) مافی دیاریکردنی چارەنووس واتە ئازادی و سەربەستی هەموو خەڵکان و گەلان بۆ بڕیاردان لەسەر ڕژێمە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان. ئەمە هەردووکی مافی بەکۆمەڵ و تاکەکەسی لەخۆدەگرێت. هەروەها، ئەم مافە بنەماکانی ناسیۆنالیزم و دیموکراسی تێکەڵ لەخۆدەگرێت و گەلان ڕەنگە بە پێی ویستی خۆیان بۆ ئەوە لە ئاستی جیاوازی سەربەخۆیی، فیدراڵی و خودموختاریدا بەدواداچوون بکەن. خەڵک یان گەلیش لێرەدا دەتوانێت هەر کۆمەڵێکی دیاری ئێتنیکی و نەتەوەیی، زمانیی، کەلەپووری، ئایینی و ... تاد بێت. لەم پەیوەندییەدا، هەروەها مافی بەدەوڵەتبوون و سەربەخۆیی بۆ گەلانی داگیرکراو گەرەنتی کرا، بۆ ئەوانەش کە لە ناوخۆی وڵاتاندا داگیرکراون بەکار دێت، مادام نەتەوەیەک سەربەخۆیی بوێت، مافی خۆیەتی. کاتێک بە شێوازی دیموکراسی، لە چوارچێوەی وڵاتێکدا مافی گەلان نەپارێزرێت، مافی دیاریکردنی چارەنووس بە شێوەی جیابوونەوە دەبێت.(٨) کەواتە گەلانێک کە بیانەوێت ببن بە دەوڵەت، بەپێی بنەمای دیاریکردنی چارەنووس نابێت ڕێگریان لێبکرێت و دەبێت بە فەرمی

بناسرێن. لێرەدا ویستی خەڵک دیاریکەرە و گرنگە چەندە خوازیاری ئەو مافە بن و چەندە خەمسارد. بانگهێشتی گروپە نەتەوەییەکان بۆ ئەوەی خۆیان نوێنەرایەتی خۆیان بکەن بە توندی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا باوە. بە رای زۆرێک لە توێژەران بزووتنەوە جوداخوازە ئێتنیکییەکان لە سەردەمی مۆدێرندا زیاتر پەسەندکراون.(٩)

کەواتە، لە روانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە، بە مەرجی هەبوونی پێوەرەکانی دەوڵەت، هیچ یاسایەک نییە بۆ نکۆڵی لە مافی (لانیکەم هەندێک لە) کەمایەتییەکان بۆ سەربەخۆیی سیاسی وەک دەرەنجامی مافی دیاریکردنی چارەنووس کە لەڕاستیدا بۆ هەموو خەڵکانە. بۆیە بە رەچاوکردنی دۆخی دیار، لەبەردەم گەڕەنتی مافی جیابوونەوە بە پێی مافی دیاریکردنی چارەنوسیان، هیچ لەمپەڕێکی تیۆری بوونی نییە. ئەوەی کێشەیە، دەستووری وڵاتانە کە بە هۆی دەسەڵات و زاڵێتی نەتەوە، ئێتنیک یان هەر گروپێکی کۆمەڵایەتی تر ئەو مافەیان رەچاو نەکردووە. گەر ئەم یاسایانە دیموکراسی بن شێوازی جیابوونەوە دیاریی دەکەن. بنەمای جیابوونەوەی دیموکراسی لە دەستوورەکاندا کە میکانیزمی دیموکراسی بۆ ئەوە دیاریی دەکات، چاکترین رێگەی چارەسەری کێشەکان و راهاتوویی لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتیشە. لە نموونەی ئەم جیابوونەوە یاسایی و دیموکراسیانە دەکرێت بە "جیایی مەخمەڵی" (velvet divorce) نێوان چیکەکان و سلۆڤاکەکان (Czechs & Slovaks) ئاماژە بکرێت. چەمکی جیابوونەوەی مەخمەڵی ئاماژەیە بە جیابوونەوەیەکی یاسایی بێ توندوتیژیی کە مانسینی (Susanna Mancini) بۆ جیابوونەوەی ئەو دوو وڵاتە لە یەکتر بەکاری دەهێنێت، کە لە رێگەی دەستوورەوە پەسەند کرا و شێوازێکی دیموکراسی لەسەر بناغەی ریفراندۆمی بێت.(١٠) هەروەها، وەک جیابوونەوەی مۆنتێنیگرۆ و سربیا کە بەپێی بنەما و بایەخەکانی دەستووری ٢٠٠٣ بوو و مۆنتینیگرۆ هیچ کێشەی بە فەرمی ناسینی نێودەوڵەتیشی نەبوو. هەرچۆنێک بێت، پێکهێنانی دەوڵەت و بە فەرمی ناسینی حکومەتێک، سەرچاوە و سامانە مادی و رێسامەندەکانی پێدەبەخشێت. ئەم قازانجانە بریتین لە چوونە ناو رێککەوتننامە ئابووری و بازرگانییەکان تا پەیمانەکانی هێمنایەتی و لە مافە یاساییەکان لە دیکەی وڵاتان تا دەنگ لە گۆڕەپانی بڕیاردانی نێودەوڵەتی. بە روونی سەروەری یاسایی نێودەوڵەتی، حکومەتێک دەکات بە بەشداربوویەکی چالاک لە کۆمەڵگەی جیهانیدا.(١١) دیارە ئەم قازانجانە چەند ئەوەندەی قازانجی مانەوەیە و هیچ نەتەوەیەکی ئاگای خاوەن پێوەرەکانی دەوڵەت لێیناگەڕێت.

## جیابوونەوەکان

ئەو فاکتەرانەی لە پێکهاتنی دەوڵەتانی مۆدێرندا هەر لە سەرەتاوە کاریگەر بوون، بریتین لە: شەڕ و بەهێزکردنی هێز و چەک، ئابووری و بازرگانی، ئایدۆلۆژیا (دەوڵەت وەک شۆڕشی ئایدۆلۆژی) بۆ وێنە کاریگەری تاکخوازیی و کاپیتالیزم، جۆراوجۆریی

و هەڵبژاردن، جۆری رژێم، سڕینەوەی کۆلۆنیا (decolonialization) (لە ئەفریقا و ئاسیا)، هەڵوەشاندنەوە، ستەم و نادادپەروەریی هەمەلایەنە بەتایبەت سیاسی و لە ئاکامیدا سەرهەڵدانی نەتەوەخوازیی نەتەوە بندەستەکان و ... تاد(١٢) بێجگە وڵاتانی چاودێر، نیوەناسراو و دیفاکتۆ، نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئێستادا ١٩٣ ئەندامی هەیە(١٣)، بەڵام ئەم سیستمە تەنیا بەرهەمی نزیکەی سەد ساڵ و لەڕاستیدا نزیکەی ٥٠ ساڵی رابردووە. لە رێککەوتننامەی ڤیەننا لە ١٨١٥ دا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پیشان دەدات، هەشت واژۆی لەسەرە کە پێنجیان دەوڵەت-نەتەوە یان لەڕاستیدا دەوڵەتی مۆدێرن بوون (بەریتانیا، فەڕەنسا، ئیسپانیا، پرتوگال، سوید).(١٤) لە درێژەی پێکهاتنی دەوڵەتەکان بە هۆی کاریگەری ئایدۆلۆژی ناسیۆنالیزم لە ئەوروپا زۆر نەتەوە لە ژێر زاڵێتی ئیمپراتۆری نەمسا، عوسمانی و رووسیا رزگار بوون. لە قۆناغەکانی دواتردا سەربەخۆیی وڵاتانی دەرکەوتەی سیستمی کۆلۆنیالی، هەڵوەشاندنەوەی یەکێتییەکانی سۆڤێت و یۆگسلاڤیا و جیابوونەوەکانی دیکە لە ژێر دیاریکردنی مافی چارەنووسدا روویاندا، کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکرێت.

هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت (USSR): ئەم هەڵوەشاندنەوە کە زۆرترین وڵاتی لێ دەرکەوت لە ٢٦ی دیسامبەری ١٩٩١ دا روویدا و لەلایەن ئەنجومەنی باڵای ئەو یەکێتییەوە راگەیندرا. ئەو راگەیاندنە سەربەخۆیی کۆمارە پێشووەکانی سۆڤێت و پێکهێنانی وڵاتانی سەربەخۆی هاوبەرژەوەندی (CIS)(١٥) بەدواوە بوو. پاش گۆڕانکارییەکانی دەیەی ١٩٨٠ و ئازادییەکانی سەردەمی گۆرباچۆف و لە ئاکامدا لاوازبوونی دەسەڵاتی حزبی کۆمۆنیست و سەرهەڵدانی کێشەی سیاسی و نەتەوەخوازیی لە کۆمارە پێکهێنەرەکانیدا، دەسەڵاتی سیاسی ناوەند بەو ئەنجامە گەیشت کە یەکێتییەکە هەڵبوەشێتەوە و لە پرۆتۆکۆلێکدا ئەوەی پشتڕاست کردەوە. لە ماوەی هەڵوەشاندنەوە و جیابوونەوەکاندا هەندێک وەک ئوکراین لە رێگەی

> لە روانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە، بە مەرجی هەبوونی پێوەرەکانی دەوڵەت، هیچ یاسایەک نییە بۆ نکۆڵی لە مافی (لانیکەم هەندێک لە) کەمایەتییەکان بۆ سەربەخۆیی سیاسی

ریفراندۆمەوە کە لە ١٩٩١ دا ٩٠٪ی خەڵک سەربەخۆییان هەڵبژارد، ئەوانی تر لە رێگەی دەسەڵاتی کۆمارەکانەوە کە لە دەست بزووتنەوە نەتەوەیی و جوداخوازەکاندا بوون سەربەخۆییان راگەیاند.(١٦)

هەڵوەشاندنەوەی یوگسلافیا: لە ١٩٩٢ دا یوگسلافیا هەڵوەشایەوە. کۆماری فیدراڵی یوگسلافیا لە شەش کۆماری

بۆسنە و هێرزە گۆڤینا، کرواتیا، مەقدۆنیا، مۆنتینیگرۆ، سڕبیا و سلۆڤێنیا و دوو پارێزگای خودموختاری ڤۆیڤۆدینا (Vojvodina) و کۆسۆڤۆ پێکهاتبوو. لە ١٩٩٠ بە دواوە سۆسیالیستەکان لەم وڵاتەدا دەسەڵاتیان لەدەست دا و بێجگە لە سڕبیا و مۆنتینیگرۆ لە کۆمارەکانی دیکەدا حزبە نەتەوەییە جوداخوازەکان سەرکەوتن. لە نێوان ١٩٩١ و ١٩٩٢ دا چوار کۆمار سەربەخۆییان ڕاگەیاند و ئەو دووانە مانەوە. لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی سلۆڤێنیا لە ١٩٩٠، ٨٨,٥٪ی هەموو هەرێمەکانی دەنگدان (٩٤,٨٪ بەشداربووان) دەنگیان بە سەربەخۆیی دا. لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی کرواتیا لە ١٩٩١ دا، ٩٣,٢٤٪ دەنگیان بە سەربەخۆیی دا. لە کۆتاییدا لە ١٩٩١ دا سلۆڤینیا و کرواتیا سەربەخۆییان ڕاگەیاند. ریفراندۆمی سەربەخۆیی بۆسنە لە ١٩٩٢ دا بەڕێوەچوو و ٦٣,٤٪ بەشدار بوون کە ٩٩,٧٪ لە دەنگدەران دەنگیان بە سەربەخۆیی دا و هەر لەو ساڵەدا سەربەخۆیی راگەیاند. لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی مەقدۆنیا لە ١٩٩١ دا ٩٥,٢٦٪ دەنگیان بە سەربەخۆیی دا و لە ١٩٩١ دا رایگەیاند(١٧).

سەربەخۆیی تەیموری ڕۆژهەڵات: لە دوورگەی تەیموری ڕۆژهەڵات ساڵانێکی زۆر خەڵک کۆڵیان نەدا و خەباتیان کرد تاکو بە ئاکام گەیشتن. پاش کۆلۆنیالی پرتوگال و داگیرکردنی لەلایەن ئیندۆنیسیاوە، حزبی بەرەی شۆڕش بۆ سەربەخۆیی، ناسراو بە Fretilin، ٢٤ ساڵ لە ١٩٧٥ تا ١٩٩٩ خەباتی کرد تاکو ئەم وڵاتە توانی پاش ریفراندۆم لەو ساڵەدا وێڕای کوشتنی خەڵک لەلایەن هێزەکانی ئیندۆنیسیاوە، سەربەخۆیی بەدەستهێنا.(١٨) لە ١٩٩٩ دا نزیکەی ٩٩٪ لە ٤٥٠ هەزار دەنگدەر لە ریفراندۆمی ڕێکخراو لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەشدارییان کرد و نزیکەی ٧٨٪ لە خەڵکی ئەوێ دەنگیان بە سەربەخۆیی دا. پاش ئەوە بە هۆی میلیشیاکانی دژە سەربەخۆیی کە ئیندۆنیسیا یارمەتی و پاڵپشتی دەکردن، توندوتیژیی ڕوویدا. لەبەرئەوە بە هۆی گوشاری نێونەتەوەیی، ئیندۆنیسیا ڕێگەی بە هێزی نەتەوە یەکگرتووەکان دا کە بێنە تەیموری ڕۆژهەڵات و هێزی خۆیان لەوێ کێشایەوە. لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە حکومەتی کاتی دامەزرا و تا ٢٠٠٢ کە وەک وڵات سەربەخۆیی خۆی راگەیاند و بوو بە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان. بە وتەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بە هەزار کەس لە خەڵکی تەیمور لە ماوەی پاشکۆبوونی بە ئیندۆنیسیا لەلایەن هێزەکانی ئەو وڵاتەوە کوژران.(١٩)

سەربەخۆیی مۆنتینیگرۆ: پاش هەڵوەشانەوەی یوگسلافیا لە ١٩٩٢ دا، مۆنتینیگرۆ بە یەکگرتوویی لەگەڵ سڕبستان مایەوە لە چوارچێوەی کۆماری فیدراڵی یوگسلافیا، کە دە ساڵ دواتر لە ٢٠٠٢ دا یەکێتی سڕبیا- مۆنتینیگرۆ جێی ئەو کۆمارەی گرتەوە. پڕۆسەی جیابوونەوە لەلایەن چارتەری یاسای بنەڕەتی (دەستوور) ئەو دەوڵەتەوە پەسەندکراوی ٤ی شوباتی ٢٠٠٣ لەلایەن هەر دوو ئەنجومەنی فیدراڵی، بەپێی ڕێکەوتنی بەلگەراد لە نێوان هەردوو پێکهێنەری کۆمارەکەوە، ڕێکخرابوو. بنەمای ٦٠ی دەستوور

دیاری کردبوو کە لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە دەوڵەتانی ئەندام دەتوانن سەربەخۆیی ڕابگەیەنن. هەروەها ڕێگەی دابوو پێیان کە خۆیان یاساکانی ڕیفراندۆم دیاریی بکەن. بەپێی ڕێساگەلێکی پێشنیارکراو لەلایەن یەکێتی ئەوروپا و پەسەندکراو لەلایەن پەرلەمانی مۆنتینیگرۆ، زۆرینەی لەسەدا ٥٥ی دەنگی بەڵێ بۆ جیابوونەوە پێویست بوو. بەڵام سەرۆک وەزیرانی لایەنگری جیابوونەوەی مۆنتینیگرۆ میلۆ جوکانۆڤیچ (Milo Djukanovic)

> **لە وڵاتانی دیموکراسیدا خەڵکی شوێنی تر ڕێگە بە خۆ نادەن لە جێی خەڵکانی تر بڕیار بدەن و دەیسپێرن بە خۆیان. زۆرینەی ئەو گەلەش ڕەنگە دەنگ بە جیابوونەوە بدەن یان نا**

وتبووی هەوڵدەدات بۆ جیابوونەوە تەنانەت گەر لەسەدا ٥٠ی دەنگی بەڵێ هەبێت. لە ٢٠٠٦ دا مۆنتینیگرۆ ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی بەڕێوەبرد و بە مەودای کەمی ٥٥,٥٪ دەنگی "بەڵێ"ی ٤٨٤٧١٨ دەنگدەر ئاستی پێویست تێپەڕێندرا و سڕبستان جیابوونەوەکەی پەسەندکرد. یەکێتی ئەوروپا، ویلایەتە یەکگرتووەکان، چین، ڕووسیا ڕێزیان لە ئەنجامی ڕیفراندۆمەکە گرت و لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە فەرمی ناسرا.(٢٠)

جیابوونەوەی سۆدانی باشوور: هەر لە سەرەتای سەربەخۆیی سۆدانەوە لە ١٩٥٦ دا ویلایەتەکانی باشوور ناڕازی و بە دوای خۆبەڕێوەبردنەوە بوون. بەپێی ڕێکەوتنی ساڵی ٢٠٠٥ نێوان باشوور و باکوور لە ٢٠١١ دا ڕیفراندۆم کرا و پاش زیاتر لە ٢٠ ساڵ شەڕی چەکدارانە کە بووە هۆی لەدەستدانی گیانی زۆر هاووڵاتی و بە ملیۆن ئاوارەی لێکەوتەوە، سۆدانی باشوور جیابووەوە و بوو بە وڵاتێکی سەربەخۆ. گەرچی شەڕ و ئاژاوە لە سۆدانی باشوور هەبوو، بەڵام بە ڕاگەیاندنی ئەنجامە کۆتاییەکانی دەنگدان عومەر بەشیر پەسەندی کرد. لە سەدا ٩٨,٨٣ لە ٣,٨ میلیۆن دەنگدەری تۆمارکراو لە سۆدانی باشوور دەنگیان بە جیابوونەوە دا. گوشارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و گەمارۆکانی لە دژی سۆدان و پەرۆشی و نیگەرانییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم کاریگەر بوون(٢١).

## چالاکی و گوشاری هەمەلایەنە

بێجگە لە سیاسەتی پەتی، خوازیارانی جیابوونەوە تیشک دەخەنە سەر بوارەکانی تریش. بۆ وێنە سکۆتلەندا کە لە وتووێژدایە بۆ ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی، لە ڕێگەی پیشاندانی خۆی لە ڕکابەرایەتی نێودەوڵەتی بەتایبەت خولی جیهانی تۆپی پێ، شوناسێکی جیاوازی لە ڕێگەی وەرزشوانان و پاڵەوانەکانیەوە پێکهێناوە. یان یاریگەی بەرشەلۆنە لە کەتەلۆنیا کە ناوبانگی

جیهانی هەیە و بووەتە هۆی ناسینی کەتەلۆنیا. ئەمانە هاوسۆزی و یان لانیکەم هۆگری بۆ بزووتنەوەی جوداخوازیی و هەستی جیاواز بوون و یەکێتی لە ناو خەڵکی خاوەن تیپەکەدا پێکدەهێنن. پاراستن و بڵاوکردنەوە و برەودانی هێما و سیمبولەکان لەوانە ئاڵا و وێنە و بەنێرە جۆراوجۆرەکان و

> **جیابوونەوەی ئاشتییانە زۆربەی کات پێویستی بە یاسای دیموکراسی و دەنگی خەڵکی ئەو ناوچەیە هەیە کە داوای ئەو مافە دەکات نەک هەموو وڵات**

ڕێپێوان بە ئاڵا و ... تاد، زۆر کاریگەرن لە زەقکردنەوە و بەرزکردنەوەی هەست و شوناسی جیاوزدا. هەروەها بۆ پشتیوانی و پاڵپشتی جیهانی زیاتر و لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە هەوڵدەدرێت. لەم پەیوەندییەدا پاش چەندین دەیە هەوڵ و تۆمارکردنی داوا لەسەری، دادگای سزای نێودەوڵەتی لە ٢٠٠٩ دا فەرمانی گرتنی عومەر بەشیری لەسەر تۆمەتەکانی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤ بەتایبەت بە هۆی تاوانی تووشبوو لە ناوچەی دارفوری سۆدان دەرکرد کە لەسەر گوشارە نێودەوڵەتییەکان کاریگەر بوو و ئەمە بۆ باشووری سۆدان یارمەتیدەر بوو.(٢٢) لە جیابوونەوەی ئەریتریا لە ئەسوبیبا لە ١٩٩٣ دا کۆدەنگی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بریتی لە دەنگی نەتەوە یەکگرتووەکان گرنگ بوو. یان کاتی جیابوونەوەی تەیموری ڕۆژهەڵات لە ئیندۆنیسیا لە ١٩٩٩ دا لە ڕێگەی ریفراندۆمی نەتەوە یەکگرتووەکان، هێزەکانی ئوسترالیا دەبا بگەیشتبایەن و دژکردەوەی توندی چەکدارانی ئیندۆنیسیا و میلیشیاکانیان لە دژی هاووڵاتییانی تەیمور دامرکاندایە.(٢٣) جێی ئاماژەیە کە تۆکمەیی و یەکریزی ناوخۆیی بۆ داکۆکی لە مافەکان لە ئاستی جیهانیشدا کاریگەر دەبێت و ئەم کاریگەرییە جیهانییە بۆ بە فەرمی ناسین و دواتریش بوون بە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان یارمەتیدەر دەبێت.

## جیابوونەوەی ئاشتییانە

پێکەوەژیان و پێکەوەبوونی گەل و نەتەوە جیاوازەکان بە زۆری نابێت و کاتێک کێشە لە نێوانیاندا هەبێت بە باشتر زانراوە بە شێوەی ئاشتییانە و بێ توندوتیژیی لێکتر جیا ببنەوە. لەم پەیوەندییەدا، سەنگاپوور نموونەیەکی باشەکە لە ١٩٦٥ دا بە شێوەی ئاشتییانە مالیزیای بەجێهێشت. پاش سەربەخۆیی لە بەریتانیا، کە دەرکەوت لە چێوارچێوەی مالیزیادا لە نێوان مالایی و چینییەکاندا کێشە هەیە بە کەمتر لە یەک ساڵ وتوویژ لە یەکتر جیابوونەوە. نزیکەی ٣٠ ساڵ دواتر چیک و سلۆڤاکیا هەر بەو شێوە ئاشتییانەیە جیابوونەوە. لەم شێوازەدا، وێرای سکاڵا، دوورەپەرێزی لە هەڕەشە و زیان دەکرێت. جێی

باسە وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، جیابوونەوەی ئاشتییانە زۆربەی کات پێویستی بە یاسای دیموکراسی و دەنگی خەڵکی ئەو ناوچەیە هەیە کە داوای ئەو مافە دەکات نەک هەموو وڵات، وەک ئەوەی تاکو ئێستا لە شوێنە جیاوازەکاندا جێبەجێ بووە. دەنگدانی ناوچەکانی تری وڵاتێک بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ناوچەی دیاریکراو بێ واتایە چۆن ئیتر لە دەرەوەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیەوە و دیسانەوە بە ئەگەری زۆرەوە، بەتایبەت بە هۆی زاڵێتی زەینییەتی نادیموکراسی، زۆرینەی ئەو وڵاتە لەگەڵ دەنگی زۆرینەی ئەو ناوچەیە نابن و لە دژیان دەبن. لە وڵاتانی دیموکراسیدا خەڵکی شوێنی تر رێگە بە خۆ نادەن لە جێی خەڵکانی تر بڕیار بدەن و دەیسپێرن بە خۆیان. زۆرینەی ئەو گەلەش رەنگە دەنگ بە جیابوونەوە بدەن یان نا. بۆ وێنە لە ریفراندۆمی ٢٠١٤ی سکۆتلەندا خەڵک دەنگی "بەڵێ"یان بە سەربەخۆیی نەدا. ئەم ریفراندۆمە بەپێی یاسای ریفراندۆمی سەربەخۆیی پەرلەمانی سکۆتلەندا ٢٠١٣ کە دوای رێککەوتنی نێوان سکۆتلەندا و بەریتانیا پەسەند کرابوو، بەڕێوەچوو.(٢٤) هەروەها، کیوبیک (Québec)ی کەنەدا چەند جار ریفراندۆمی کردووە و حزبی سەربەخۆیی خواز دۆراندوویەتی، چونکە دەنگی "بەڵێ" سەرنەکەوتووە. لەم پەیوەندییەدا پێویست بە وتنە کە دۆڕاندنی ریفراندۆم یان بە گوتەیەک "شکستی ریفراندۆم" واتە دۆخێک وەک ئەم دوو شوێنە کە دەنگی زۆرینەی خەڵک "بەڵێ" نەبووە. لەڕاستیدا مادام ریفراندۆم جێبەجێ بکرێت و رادەی پێویستیش لە خەڵک بەشداریی تێدا بکەن، بەکارهێنانی دەستەواژەکانی دۆڕان و سەرکەوتن بۆ خودی چەمکی ریفراندۆم وەک راپرسی گشتیی و دەنگی خەڵک دروست نییە، بەڵکو دوو لایەنی لایەنگرانی "بەڵێ" و "نەخێر" دەبن کە یان سەردەکەون یان دەدۆڕێن. بۆیە لە شوێنێکدا وەک کوردستان و کاتالۆنیا کە زۆرینە بە شێوازی ئاشتییانە دەنگی بە سەربەخۆیی داوە، ئەوە پێکهێنانی دەوڵەتە کە هێشتا بە هۆی زەینییەتی چەقبەستوو و نادیموکراسی دژبەرانی ئەو نەتەوانە و دەنگی خەڵک سەرنەکەوتووە، نەک ریفراندۆم.

## دەرەنجام

پێکهاتن و جیابوونەوەی ئەو هەموو وڵاتە پیشاندەری ئەوەیە قازانجێک کە لە سەربەخۆیی دەوڵەت دایە لە مانەوە و بندەستیدا نییە و نەتەوەی خاوەن بیر و ئاگایی رازی نابێت بە بندەستی کە هیگڵ گوتەنی ببێتە "نەتەوەی نامێژوویی" و مەحکووم بە لەنێوچوون. لەڕاستیدا، وەک گاندی دەڵێت بۆ هەموو گەلانی جیهان›خراپترین خۆبەڕێوەبردن باشترە لە باشترین حکومەتی داگیرکەر و بێگانە.‹(٢٥) دیارە رێگەی جۆراوجۆر لە مێژووی سەردەمدا بۆ پێکهاتنی دەوڵەتەکان هەبووە. زۆر نەتەوە تەنانەت لە سەردەمی بەجیهانیبووندا، لە بە نامێژووییبوونی خۆیان بەرگیریان کرد و وریایانە پەتکی گرێدراوانی نەتەوە باڵادەستەکانیان خستە سەر ئاو و زۆر دەوڵەتیان پێکهێنا. چ جیابوونەوە بە توندوتیژیی لە کاتێکدا کە بەرژەوەندی

دەوڵەتە نادیموکراسی و نەتەوە زاڵەکان ڕێگە نادات، چ لە ڕێگەی گەیشتن بە ڕێککەوتن بۆ هەڵوەشاندنەوە، چ لە ڕێگەی دیموکراسیەوە، ئەو نەتەوانەی خۆیان بە شیاوی بەرابەری لەگەڵ ئەوانی تر زانیوە لە پێناوی مرۆڤایەتیدا هەوڵی سەربەخۆییان داوە. لەم ئاڕاستەدا دیارە گونجاوترین ڕێگە، ڕێگەی یاسایی دیموکراسی بووە کە کەمترین توندوتیژیی بەدواوە بووە. لە ئێستادا بۆ جیابوونەوە پشت بە ویستی ئازادی خەڵک و دژایەتی لەگەڵ کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی زیاتر پێویستە، کە بەپێی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەکرێت ڕێگە بۆ دەوڵەتانی نوێ بکرێتەوە. لە هەندێک وڵاتدا بە هۆی دیموکراسیبوون، پێکهێنەرانی لە ڕێگەی ئاشتییەوە بەرەو سەربەخۆیی هەنگاویان هەڵێناوە و دوای پێکهاتنی فیدڕالیزم و کەشی ئازاد و دیموکراسی و جار وایە ئاماژەی ڕاستەوخۆی دەستوور بە شێوازی جیابوونەوە، وڵاتانێکی سەربەخۆ پێکهاتوون. لەم پەیوەندییەدا بۆ بەرگیری لە توندوتیژیی هەوڵ بۆ پێکهێنان و زاڵکردنی کەش و زەینییەتی دیموکراسی بەتایبەت لە ناو نەتەوە باڵادەستەکاندا پێویستە، وەک ئەوەی لە چیکوسلۆڤاکیا، یەکێتی مۆنتینیگرۆ و سڕبستان، بەریتانیا و کەنەدا هەبووە کە لە دووانی پێشوودا ریفراندۆم جیابوونەوەی بە دواوە بووە و لە سکۆتلەندا و کیوبیکی کەنەدا لایەنگرانی "بەڵێ بۆ سەربەخۆیی" تاکو ئێستا سەرنەکەوتوون. بەپێچەوانەوە، لە وڵاتانی نادیموکراسی یان خاوەن دیموکراسی ناتەواودا، تەنانەت وێرای سەرکەوتنی لایەنگرانی "بەڵێ بۆ سەربەخۆیی" وەک باشووری کوردستان و کەتەلۆنیا، بە هۆی نادیموکراسیبوونی لایەنی بەرانبەر ڕێز لە دەنگی خەڵک ناگیرێت. لە نموونەی کوردستاندا، زۆر دوژمنی نادیموکراسی دەرەکیش کێشەکەیان ئەستەمتر کردووە. لە کاتێکدا کە دەستووری عێراق ڕاستەوخۆ ئاماژەی بە جیابوونەوە نەکردووە، بەڵام جێبەجێکردنی ئەو یاسایەی بە گەرەنتی مانەوەی یەکێتی زانیوە، مادام کە یاساکە جێبەجێ نەکرا، بەرابەری گەلان نەپارێزرا و چەوساندنەوەی ناوخۆیی هەبوو و زۆرینەی گەلێکیش ویستیان جیاببنەوە، هیچ پاساوێک بۆ بەرگیری لەو کارە نییە. دیارە نەتەوەی کوردیش بەو ئاستە گەیشتووە کە لە هەموو وڵاتانی داگیرکەری کوردستاندا، لە بە نامێژوویبوونی خۆی بەرگری بکات و ئەمە پێویستیی بە یەکریزی لە بەرانبەر نەیاران و بەهێزکردنی جیاوازیی لەگەڵ دیتری و پێشخستن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان لە ڕێگەی سەرکردایەتییەکی نەتەوەییەوە، دەبێت. هەروەها کە زۆربەی نەتەوەکان لەوانە ئەفریقای باشوور و هندستان لە ڕێگەی تۆکمەیی و هاودەنگی لە پشت سەرسەرکردایەتی خۆیانەوە بە ئاکام گەیشتن.

## سەرچاوە و پەڕاوێزەکان:

1) بڕواننە: حسين بشيريه، انقلاب و بسيج سياسى، تهران: انتشارات دانشگاه تهران، 1382، ص 167.
2) هەر ئەوەی پێشوو، ل 168.
3) لە بواری بیری مارکسیستی لەسەر نەتەوەخوازیی، بڕواننە ئەو سەرچاوانەی خوارەوە: بشيريه، 1382، صص 167-172. و:

Non-historic peoples, retrieved, 172018/1/, from: https://www.ohio.edu/chastain/ip/nonhistp.htm

Ante Pažanin, Historical and "Non-Historical" Nations, Croatian Political Science Review,

Dissolution_of_the_Soviet_Union
17) Breakup of Yugoslavia, 152018/1/, at:https://en.wikipedia.org/wiki/Breakup_of_Yugoslavia
18) East Timor wins independence, 132018/1/, at: https://www.theguardian.com/world/2001/sep/06/indonesia.easttimor
19) East Timor profile – Timeline, 132018/1/, at:http://www.bbc.com/news/world-asia-pacific-14952883, and: History and Conflict East Timor, 142018/1/, at: https://www.mtholyoke.edu/~rgwhitma/classweb2/history%20and%20conflict.htm
20) The European Elections Monitor, 142018/1/, at:
21)https://www.robert-schuman.eu/en/eem/0522-after twenty-four-years-of-union-with-serbia-montenegro-is-independent-again. and, Montenegrin independence referendum, 2006, available, 152018/1/, at:https://en.wikipedia.org/wiki/Montenegrin_independence_referendum,_2006. And: Lee Hudson Teslik, Montenegro's Referendum on Independence, May 19, 2006, available, 142018/1/, at: https://www.cfr.org/backgrounder/montenegros-referendum-independence
South Sudan country profile, 142018/1/, at:http://www.bbc.com/news/world-africa-14069082. and,
Josh Kron, Sudan Leader to Accept Secession of South, 2011, available, 122018/1/, at http://www.nytimes.com/201108/02//world/africa/08sudan.html. and: South Sudanese independence referendum,2011, available, 122018/1/, at: https://en.wikipedia.org/wiki/South_Sudanese_independence_referendum,_2011
22) Kron, 2011
23) See: Marc Herman, 10 Steps to a Breakaway State: A Secessionist's Guide, 2012, available, at:https://psmag.com/news/a-secessionists-guide-10-tips-for-making-a-breakaway-state-49983
24) Scottish Independence Referendum, 2014, available, 192018/1/, at:https://en.wikipedia.org/wiki/Scottish_independence_referendum,_2014
25) بڕواننە فیلمی گاندی، لە دەرهێنانی ریچارد ئاتێنبۆرۆ، 1982، بە ناونیشانی: https://solarmoviez.ru/movie/gandhi-11072.html
Vol.31 No.1 February 1994. Pp. 8792-. retrieved, 172018/1/, from: https://hrcak.srce.hr/index.php?show=clanak&id_clanak_jezik=163649&lang=en Sabah Mofidi, The Left Movement and National Question: From Romanticism to Realism (With a Focus on Komala Organization), Journal of Ethnic and Cultural Studies, 2016, Vol. 3, No. 1, pp. 2048-.
4) See: Vladimir Ilyich Lenin, The Right of Nations to Self-Determination, 1914, available, 20181/15/, at:
https://www.marxists.org/archive/lenin/works/1914/self-det/
5) Montevideo Convention on the Right and Duties of States, 26 December 1933.
6) Joseph William Davids, The {New} International Law,What Makes a State?, 2012, available, 152018/1/, at: https://thenewinternationallaw.wordpress.com/tag/state-formation/
7) See: International Covenant on civil and political Rights (ICCPR), 1966; International covenant on Economic,social and cultural Rights (ICESCR), 1966; African charter on Human and Peoples' Rights (ACHPR), 1981; Charter of the United Nations, San Francisco, 1945;and: Burak Cop and Dogan E., The Right of Self-determination In Law towards the 40th Anniversary of the Adoption of ICCPR and ICESCR, 2005, PERCEPTIONS, pp. 115146-
8) Susanna Mancini, Rethinking the boundaries of democratic secession: Liberalism, nationalism, and the right of minorities to self-determination, I • CON, Volume 6, Number 3 & 4, 2008, pp. 553 – 584 doi:10.1093/icon/mon022.
9) Christian Knox, The Secession of South Sudan: A Case Study in African Sovereignty and International Recognition, College of Saint Benedict/Saint John›s University,2012, p. 18 and 34.
10) Mancini, 2008.
11) Knox, 2012, p. 7.
12) See: HendrikSpruyt, War, Trade, and State Formation, The Oxford Handbook of Political Science,Online Publication Date: Sep 2013 DOI: 10.1093/oxfordhb/9780199604456.013.0028.
13) See:https://worldview.stratfor.com/article/how-many-countries-are-there-world-2017
14) Anthony C. Pick, The Nation State, 2011.
15) Commonwealth of Independent States
16) Dissolution of the SovietUnion, 142018/1/, at: https://en.wikipedia.org/wiki/